www.kurdistannet.org
7-4-2003 23:17

# تەیسیرعەلونی

# سەری کابولی خوارد، سەریبەغداش دەخوا

سەردارخۆشناو

دەمێکە کورد گوتەنی (ئەگەر بزن ئەجەلی هات نانی شوان دەخوات) لەبواری راگەیاندنیش گەورەیی و پیرۆزی کاری رۆژنامەنووسی، راستگۆییە لەگەیاندنی پەیام و بێلایەنییە لەبەرامبەردا، کەچی بەداخەوە ئەو جارەش رەمزی ئەو سەرخواردنی شوان و شاری جیاجیای رۆژانی شەڕو پیاوی تەنگانەی کونەمشک لێبوە قەیسەرییەکەی کەناڵی جەزیرە (تەیسیر عەلونی) یە تادەگات بەدەمراستی تاڵیبان ئەوا ئەوجارەیان بەپەیامنێری ناراستگۆو بوقی دەمی بەعسیەکانیش ناسرا، خۆئەوکاتەنەش پەیامینەمانی تاڵیبان راگەیاندراو هاتنە سەرکاری حوکمێکی دیموکراتی لەئەفغانستان دەستی پێکرد پەیامەکانی تەیسیرسەری خۆی وسەرکردەکانی کابولیشی خوارد، ئەو هەموو پەرۆشیەی تەیسیر لەخۆگەیاندنە نێو (مەلجەئەکان) ی بەغداو جێهێڵانیکۆشك وتەلارەکانی ئیسپانیای نازدار، دیارە دوایین رۆژی تەمەنییەتی ودەیەوێ پەیمان و وەفاداری بۆدوایین ساتی ئاوابوونی ئەستێرەی حوکمی رژێمێکی فاشی نوێ بکاتەوە، هەرچەندێ دەنگم نایگاتێ بەڵام جارێ با لەبەردەم ئەو پرسیارە هەڵوەستەیەك بکەین، ئیمانداریێکی..!! لەجۆری تەیسیرعەلونی کەبەکەلاوەو ژیانە تاریکەکەی نێو کابولی کاولکراوی جاران رازی بوو، چۆن بەخۆی و ریشە سپیەکەی کۆشك وتەلارەکانی ولاٚتێکی ئەوروپی هەڵبژارد تاتیایدا بحەوێتەوە؟! (لەگەڵ رێزم بۆ برایانی ئیماندار بەڵام لەجۆری تەیسیر نا) ئەوە ئەگەر تەیسیردروستکراونەبێ ؟!! لەوایان لاریم نییە دەبێ وبۆ نابێ، بەڵام داخم لەوقسەیەی کەباس لەگرتنەوەی فرۆکەخانەی سەددام دەکات ولەسەرزاری سەحافی وەزیرە عەلوجەکەکەی عێراقی کەدەڵێ بارۆژنامەنووسان بێن بەچاوی خۆیان فرۆکەخانەی ئازادکراوببین، تەیسیری کابولی و بەغدادی ئێستا، وەك نەبای دیبێ ونەباران باس لەشڵەژان وترسی رۆژنامەنووسانی تردەکات بۆچوونە ئەوێ، کەچی لەشەوانی شەرداوچەند کیلۆمەترێك دوور لەخۆی پەشێوی وترسی لەرادەبەدەر تادەگاتە رەنگی، ئەوا دەنگیشی تێکچوو، چەمانەوەی چەند جارەی هەر هیچ، مەبەستمە بڵێم مێژوو وەکو خۆی دەنوسرێ، تەیسیر لەجۆری ئەو چۆن لەبەرامبەر مێژوودا شەرم نایانگرێ.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣